# ئاسۆی دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی

# 5-1

### کۆمیتەی بەگژ خستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزەجی

ئەحمەد عەزیز 2002\8\8 دانمارک

لە ماوەی نێوان مانگی April 2002 تا ئەمڕۆ ڕۆژنامەی (**Extra Bladet**) چوار ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی بە پێزی دەربارەی دۆزی تاوانبار نەزار خەزرەجی بڵاو کردۆتەوە ، لە ژمارەیەکی تری ئەو ڕۆژنامە دانمارکییە ڕۆژی 3\ August\2002 لێکۆڵینەوەیەکی تری بڵاو کردەوە بە ناونیشانی (**<u>نەزار خەزرەجی فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی داوە</u>**) ، لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە ، سەرەک سوپای پێشوی عێراق کە ئێستا خۆی لە شاروچکەی (**Sorø**)ی وڵاتی دانمارک شاردۆتەوە ، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بە لای کەمەوە فەرمانی بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی داوە ، ئەگەر چی ئەو پیاوە تا ئێستا بە تەواوەتی گشت بەرپرسیارێتییەکی ڕەتکردۆتەوە سەبارەت بە هەمو جۆرە کارێکی نایاسایی و تاوانی جەنگ کە ئەنجامی دابێت بەرانبەر کوردەکان .

(**Extra Bladet**) ئەمڕۆ بۆ جارێکی تر پەردە لە سەر تاوانێکی تری سەرەک سوپای کۆنی عێراق هەڵدەداتەوە ، کە ئەویش بریتیە لەوەی ناوبراو لە مارتی 1991 فەرمانی داوە بە ژەنەڕاڵێکی ناو سوپا بۆ ئەوەی چەکی کیمیاوی بە کار بێنێت ، بە مەبەستی سەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکەی باشوری عێراق لە دواین قۆناغی شەڕی کەنداودا .

نەزار خەزرەجی کە ئێستا لە دانمارک لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا دەکرێت ، بە هۆی ئەوەی تاوانی جەنگ خراوەتە ئەستۆیەوە لە دژی کوردەکانی عێراق ، بە تایبەت پەلاماری بە ناو ئەنفال بۆ سەر کوردەکان لە ساڵی 1988 ، کە تیایدا کورد تووشی هێرش بە چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی بونەوە .

سوپا سالاری پێشوی عێراق تا ئێستا نکوڵی لە هەمو ئەو تاوانانە کردووە کە دراونەتە پاڵی ، لە کاتێکدا چەندین بەڵگەنامە کەوتۆتە بەر دەست پۆلیس و لێکۆڵەرەوەکان لە دانمارک و باری نەزار خەزرەجی ئاڵۆز و سەخت کردووە

و دەیسەلمێنن کە ئەو پیاوە تەمەن 63 ساڵە (نەزار خەزرەجی) ژەنەراڵێکی باوەڕپێکراوی سەدام بووە و تەنانەت ئامادەیی تیا بووە بۆ بە کارهێنانی چەکی کیمیاویش .

لە نێوان بەڵگەنامەکان دەفتەرێکی یادگاری ، کە نوسراوە لە لایەن (عمید روکن ابراهیم السیاب) فەرماندەی تیپی 49ی پیادە لە باشوری عێراق ، لەو دەمە لە ژێر سەرکردایەتی سەرەک سوپا (نەزار خەزرەجی) کاری کردووە ، کە ئەو کاتە خەزرەجی بەرپرسی ژوری عملیات بووە لە ناسریە ، دەفتەری یادگارییەکە ئەمڕۆ لە عەممانە (پایتەختی ئوردن) ، عمار ابراهیم السیاب ئێستا لە ئاوارەیی لە ئوردن دەژێت و ئەو یادگارییە پڕ ئێش و ئازارانەی باوکی پاراستووە و هەڵیگرتووە ، وە وێنەشی لێ ناردووە بۆ پۆلیسی دانمارک بە هۆی کۆمیتەی بە گڕخستنی هەولەکان .

عمید روکن ابراهیم السیاب لە لایەن سەدامەوە لە 1991 گولەباران کرا ، لە بەر ئەوەی گیۆڕایەڵی خەزرەجی نەبووە بۆ سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی باشوری عێراق و بە کار هێنانی چەکی کیمیاوی .

<u>ئەمە بەشێک لە یاداشت نامەکەی عمید روکن ابراهم السیاب</u> : ڕۆژ 4\ئاداری 1991 کات ژمێر 20\14 ئەوە ڕۆژێکی تری نوێ دەستی پێ کرد ، داماوی ڕو لە هەڵچونە ، ئەمڕۆ زیاد لە چوار جار بارەگام گواستەوە ، فرۆکەکانی ئەمریکا لە ئاسامان بە سەرماندا دەسوڕێنەوە ، ئەمریکییەکان دەستیان گرت بە سەر بنکەی امام علی ئاسمانی ، جولانەوەی ئۆپۆزسیۆن ڕو لە پەرەسەندنە و ، هەواڵی ئەوە هەیە ئۆپۆزسیۆن دەستی گردبێت بە سەر شارەکانی کەربەلا و نەجەف و دیوانیە ، بارودۆخەکە لەوێ بە تەواوەتی شڵەژاوە ، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشبینی ڕۆژگارێکی وام نەکردووە ، ئەوەی زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات ئەوەیە ، فەرمان لە فەریق نەزارەوە دەرچوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە و بەرگری کردن بەرانبەر بەرهەڵستکارەکان ، وە گەر هەر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە نەکرا بە هۆی هێزکانەوە ، ئەوە پێویستە بە هۆی بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی بارودۆخەکە ڕاگیرێت ، هیچ ڕێگایەکی تر لە پێشم نییە جگە لە بلاوە پێ کردنی هێزەکانی تیپەکەم ، بۆ پاراستنی گیانی سەربازەکان و خەڵکی بێ تاوانی شارەکە (ناسریە) .

*لە پەیوەندییەکی ڕۆژنامەنوس(**Niels Westberg**) کە ئەم بابەتەی ئامادە کردووە و بڵاوی کردۆتەوە ، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی زانیاری و ئەو بەڵگەنامانەی لەم بابەتەدا بڵاوکراوەتەوە ، لە گەڵ داواکاری گشتی* ***Birgitte Vestberg*** *کە هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆکی نوێی لێکۆڵینەوە و دەسەڵاتدارێتی شکات کە بەو دواییانە دامەزرا بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی 16 کەس کە لە دانمارک دەژین و تاوانبار کراون بە تاوانباری جەنگ .*

***Birgitte*** *سەبارەت بەم زانیاریانە ڕایگەیاندووە و وتویەتی : لە ڕاستیدا* ***چاوپێکەوتنەکەی (عمار ابراهیم السیاب) و یاداشتنامەکەی باوکی (عمید روکن ابراهیم السیاب) کە گولە باران کراوە لە لایەن سەدامەوە بەڵگە و مادەیەکی زۆر گرنگن و باشن بۆ لێکۆڵینەوەکانمان و ، پێم وایە تا ئێستا تاوانەکانی خەزرەجی بە شێوەیەکی بەرز خراونەتە ڕو و نرخێندراون .***